


# قوتابیان
# لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا نیگەرانن



وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ خوێندنی ئەمساڵ ٢٠١٦_٢٠١٧ چەند ڕێنماییەکی تازەی سەبارەت بە پەیمانگە و زانکۆ حکوومییەکان دەرکردووە و بەشێک لەو ڕێنماییانەش قوتابیانی نیگەران کردووە، شارەزایانی بواری پەروەردە و فێرکردنیش ڕایانوایە کە ئەو ڕێنماییە شڵەژانی دەروونی لای قوتابی دروست دەکات و بۆ ئەو ڕۆژگارەی قوتابی و ماڵباتی قوتابی گونجاو نییە، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان خوێندنەوەی تایبەت بە خۆیان بۆ بابەتەکە هەیە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ خوێندنی ئەمساڵ ٢٠١٦_٢٠١٧ چەند ڕێنماییەکی بۆ ڕێکخستنی ڕەوشی زانکۆ و پەیمانگە حکوومییەکان دەرکرد.، لەوانە: وەرگرتنی بڕی ١٠٠ هەزار دینارساڵانە لە هەر قوتابییەك بۆ مانەوەی لە بەشە ناوخۆیی، وەرگرتنی بڕی ٥٠ هەزار دینار لە قوتابی لە کاتی وەرگرتنیان لە زانکۆ و پەیمانگەکان، وەرگرتنی بڕی ٢٥٠ هەزار دینار بۆ خوێندنی ماستەر، ٣٠٠ هەزار بۆ خوێندنی دکتۆرا، هەروەها ئەو قوتابیانەی کە نمرەیان کەمە و لە ڕابردوودا لە هیچ زانکۆ و پەیمانگەیەکی حکوومی وەرنەدەگیران، بڕیارە ئەمساڵ لە زانکۆ و پەیمانگە حکوومییەکان بە پارە وەربگیرێن.

شەوبۆ ستار دەرچووی پۆلی ١٢ ی ئامادەییە و بەمجۆرە نیگەرانی خۆی لەم سیستمە تازەیە دەربڕی و گوتی: «بە حوکمی ئەوەی ماڵم لە دەرەوەی هەولێرە و هاتوچۆی ماڵ و زانکۆ کات و پارەی زۆری دەوێت، پێویستیم بەوە دەبێت لە بەشە ناوخۆیی بمێنمەوە، ئەوەش بۆ من بۆتە خەمێکی گەورە، چونکە من پارەی هاتوچۆم بۆ دابین ناکرێت، چ بگات بەو ١٠٠ هەزار دینارەی کە لە بەشە ناوخۆیی داوای دەکەن، منی قوتابی و سەدانی وەکو منیش ڕەنگە خانەوادەکانمان نەتوانن خەرجی زانکۆمان بۆ دابین بکەن و ناچار بین بەوەی دەست لە خوێندنی زانکۆ هەڵبگرین.»

**من پارەی هاتوچۆم بۆ دابین ناکرێت، چ بگات بەو ١٠٠ هەزار دینارەی کە لە بەشە ناوخۆیی داوای دەکەن**

عیسا بۆتانی، ڕۆژنامەنووس و بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پەروەردەی خەبات، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «توانای بەرگەگرتنی هاووڵاتیانی کوردستان لەبەرامبەر قەیرانی ئابووری گەیشتۆتە ئاستێك کە تەواو بێتاقەت و نارەحەتی کردوون، لە لایەکی دیکەوە بەرنامەو پلانی حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانە ئابوورییەکە و بۆ پترکردنی داهات، ئاسەواری باش بەدوای خۆیدا ناهێنێت.» گوتیشی: «ئەوەی پێویستە بگوترێ ئەو پرسیارەیە کە ئایا ئەو قوتابیانەی بەنیازن لە زانکۆکاندا درێژە بە خوێندن بدەن، دانیشتووی هەرێمی کوردستانن، یان لە وڵاتێکی دیکەوە هاتوون؟ ئاخۆ خانەوادەکانیان لەدەست بێ مووچەیی و کێشەی داراییەوە چۆن ژیان و بژێوی ڕۆژانەی خۆیان دەگوزەرێنن؟ ئاخۆ ئەو ڕێنماییە تازەیەی خوێندنی باڵا لەبارەی وەرگرتنی پارە لە قوتابیان لە بەشە ناوخۆیی و لە کاتی وەرگرتنیان لە زانکۆ و پەیمانگاکان و هەروەها ئەوانەی نمرەیان کەمە کە دەتوانن بە پارە لە زانکۆی حکوومی بخوێنن.. ڕەنگدانەوەی باشی بەسەر ئاستی زانستی زانکۆکانەوە دەبێت، یانیش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە خێزانەکان قوتابیانی خۆیان لە خوێندن دەربهێنن و لە زانکۆ دابانبڕێنن؟ لەلایەکی دیکەوە ئایا ئەو بیرۆکەیە لەلای هاووڵاتیان ناچەسپێنێت کە قەیرانەکە زۆر سەخت و قورستر بووە بەو ئەندازەیەی کە زانکۆکانیش بخرێنە نێو پلانی کۆکردنەوەی داهات؟»

**کێشە ئابوورییەکان جگە لەوەی هەنگاوەکانی بەرەوپێشبردنی سیستەم و پرۆگرامی خوێندنی وەستاند، تەنانەت دەرگای قوتابخانەکانیشی بەرتەسک کردەوە و نزیکی کردۆتەوە لە داخستن**

بۆتانی لە درێژەی ڕادەربرینەکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە «جێگەی هەڵوەستەکردنە و دەبێت ئاستی ئابووری قوتابیانی زانکۆ پێش دەرکردنی ئەو ڕێنماییانە لەبەر چاو بگیرێ، ئایا ئەوەندە لە خۆشگوزەرانی بوون، تاکو بارگرانی زیاتر بخرێتە سەر شانیان؟» گوتیشی: «لە کەسانێکی زۆر گوێبیستی ئەوە بووم کە لەساڵانی بەر لە حەفتاکان ژیاون و شایەتحاڵی ئەو سەردەمەن کە تەنیا خواپێداو و خەڵکی دەوڵەمەند توانای ئەوەیان هەبوو منداڵەکانیان بخەنەبەر خوێندن و چینی هەژاریش ناچاربوون لەدوای چەند

**ئەو ڕێنماییانە شڵەژانی دەروونی لەلای قوتابی دروست دەکات و بۆ ئەو ڕۆژگارەی قوتابی و ماڵباتی قوتابی گونجاو نییە**

**ئێمە وەکو یەکێتی قوتابیان لەگەڵ ئەو بڕیارەی وەزارەتی خوێندنی باڵا نین، بۆیە لە هەوڵداین کارئاسانی بۆ قوتابیان بکەین و نەهێڵین باری شانی قوتابی و کەسوکارەکانیان لەوە قورستر بێت**

**ئەو پارەیەی لە قوتابییانی وەردەگرین هەر بۆ خۆیان خەرجی دەکەینەوە، راستە ئەرکی قوتابی و بەخێوکارانی قورستر دەکات، بەڵام لە هەموو دنیادا بەشە ناوخۆیی بە پارەیە**

**ئەوەی زانکۆ لە سێکتەرەکانی تر جیادەکاتەوە توێژینەوەیە، کە بەبەردەوامی دەبێت مامۆستا خەریکی توێژینەوەبێت و بتوانێت بڵاوی بکاتەوە جا چ لە گۆڤاری دەرەوە یان لە ناوخۆ.**

پۆلێکی سەرەتایی منداڵەکانیان لەخوێندن دابڕێنن، نەك تەنیا لەو سەردەمە، بگرە خۆم زیانمەندی باری سەختی ئابووری ساڵانی دەستپێکی دوای راپەڕینی کوردستانم کە ئەوسا قوتابیان لەوپەڕی سەختیدا ژیانیان دەگوزەراند و ئێمەمانان تەنیا لەسەر ئەو بڕە پارە دەژیاین کە بۆ قوتابیی دەرەوەی شار تەرخان کرابوو کە بریتی بوو لە (٦٠)دینار، ئەوە لە کاتێکدا کە نرخی یەك کیلۆ رۆن (٤٠) دینار بوو. بەو هۆیەوە زۆرێك لە قوتابیان بەناچاری وازیان لە خوێندن هێنا و زۆرێك بە کولەمەرگییەوە بەرگەیان گرت. بۆیە کە بڕیارێکی وەها دەبیستم، لەخۆڕا بیرم بۆ ئەوە دەچێت کە باری ئابووری وڵاتەکەم گەیشتۆتە ئاستێك کە تەنیا تروسکاییەك نابیندرێ، بۆیە حکومەتی هەرێم دەست بۆ دەرکردنی ئەوجۆرە بڕیارانە دەبات، ئەگەر بیر لەلایەنێکی دیکە بکەینەوە و بپرسین: بۆچی لە ساڵانی پێشوودا قوتابیان بە نمرەی کەمەوە لە زانکۆکان وەرنەدەگیران، یان ئەگەر نمرەکەیان دەرهاویشتەی لاوازیی ئاستی زانستییان بووە، بۆچی ئەمڕۆ بەو ئاستە لاوازەوە لە زانکۆکان وەردەگیرێن؟ ئەوە وەڵامەکەی قورسە، چونکە ئەگەر مەبەست لێی بێبەش نەبوونی ئەو قوتابیانە بێت لە خوێندن و مەعریفەت، ئەوا کەس نییە بیری بۆ ئەوە نەچێت کە دیوێکی بڕیار و رێنماییەکان پەیوەستە بە کۆکردنەوەی داهات و پارەوە. هەمیشە دەرکردنی بڕیارەکان بەتایبەتی لە دۆخێکی وەهادا دەبێ لە هەموو روویێکەوە توێژینەوە و شیکاری بۆ بکرێ، کە چەندە قابیلی جێبەجێ کردنە و چەندە بە سوود و قازانج بۆ ئەو وڵاتە دەگەڕێتەوە. ئاخۆ دەکرێ قوتابیان ناچار بە پارەبەخشین بکرێن لە کاتێکدا کە خۆیان بێ داهات و بێ مووچە و هەوجەداری هاوکاری و زامنکردنی پاشەڕۆژن؟ هەمیشە دەگوترێ کە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندن فەراهەمکردنی کەشێکی ئاسوودەیە بۆ قوتابی تاکو بە دەروونێکی ئارامەوە بتوانێت هەرسی میتۆد و زانیارییەکان بکات. من لەو باوەڕەدام کە ئەو رێنماییانە شڵەژانی دەروونی لەلای قوتابی دروست دەکات و بۆ ئەو رۆژگارەی قوتابی و ماڵباتی قوتابی گونجاو نییە.»

لەلای خۆیەوە حەسەن شێخ عەلائەدین سکرتێری یەکێتی قوتابیان، سەبارەت بە هەمان پرس گوتی: «ئێمە وەکو یەکێتی قوتابیان لەگەڵ ئەو بڕیارەی وەزارەتی خوێندنی باڵا نین، بۆیە لە هەوڵداین کارئاسانی بۆ قوتابیان بکەین و نەهێڵین باری شانی قوتابی و کەسوکارەکانیان لەوە قورستر بێت، چونکە بارودۆخی ئەمڕۆی قوتابیان تەقەبولی ئەو خەرجیانە ناکات، بۆ ئەم مەبەستە داوامان کردووە لەگەڵ خودی وەزارەت و لیژنەی خوێندنی باڵا لە پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران کۆببینەوە. لە ئێستادا چاوەڕێی وەڵامین بۆ ئەنجامدانی دیدارەکان، لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە باسم کردوون، لە هەموو حاڵەتەکانیشدا ئێمە لایەنێکی داواکارین، نەك جێبەجێکار، بۆیە چاوەڕێ دەکەین بەپێی ئەو بژاردانەی دەیخەینە بەردەست بگەینە رێگەچارەیەکی گونجاو.»

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئەگەر دوای دیدارەکانتان نەگەیشتنە ئەنجامێکی پێشبینیکراو، ئایا ئێوە وەکو قوتابیان ئامادەن کۆی خەرجییەکان، یان بڕێکی لەئەستۆ بگرن؟ سکرتێری یەکێتی قوتابیان گوتی: «ئەو بارودۆخە داراییەی رووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، ئێمەش لێی بێبەش نین، رەنگە ئێمە لە زۆربەی ئۆرگان و رێکخراوەکانی دیکە زیاتر کەوتبینە ژێر کاریگەری ئەو قەیرانە داراییە، بۆیە لە ئەستۆ گرتنی خەرجییەکانی قوتابیان بۆ ئێمە کارێکی قورسە، یاخود بڵێین لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی ماددی بۆ دابین دەکەین، بەڵام هەوڵ دەدەین کە حکومەت کارئاسانی بکات بە نەهێشتن، یان کەمکردنەوەی بڕی پارەکە کە دانراوە.»

د. سەعدوڵڵا عەباس یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین بۆ کاروباری قوتابیان، سەرەتا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەو قەیرانی داراییەی هەرێمی کوردستان هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگەی بەگشتی گرتۆتەوە،» سەبارەت بە پارە وەرگرتن لە بەشە ناوخۆییەکانیش ئەوەی خستەڕوو کە یەکەمجار بڕی سەد دۆلار بوو، دوایی کەمکرایەوە بۆ ١٠٠ هەزار دینار، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە بەشە ناوخۆیی خەرجی زۆر زۆرە و بەهۆی ئەو بارودۆخە ئەو بودجەیەی کە لە رابردوو بۆی دابین دەکرا، لە ئێستادا نەماوە، لەبەر ئەوە ئەو پارەیەی لە قوتابییانی وەردەگرین هەر لە خۆیان خەرجی دەکەینەوە، راستە ئەرکی قوتابی و بەخێوکارانی قورستر دەکات، بەڵام لە هەموو دنیادا بەشە ناوخۆیی بە پارەیە»، سەبارەت بە پارەی زانکۆ حکوومییەکان بۆ دەوامی ئێوارانیش گوتی: «ئەوانەی نمرەیان کەمە بە بەراورد بە زانکۆ ئەهلییەکان زۆر کەمترە ناگاتە ٢٥٪، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەو قەیرانە دەخوازێ کە زانکۆ و پەیمانگەکان خۆیان خەرجی خۆیان دابین بکەن، چونکە ئەو بڕە پارەیەی لە حکومەت دابین دەکرا، رەنگە لەم هەلومەرجەدا حکومەت نەتوانێ هاوشێوەی ساڵانی رابردوو دابینی بکات، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئێمەش حەزدەکەین هاوکار و یارمەتیدەری قوتابیان بین، بەڵام بارودۆخەکە بارودۆخێکی گشتییە و ئێمەی مامۆستایانی زانکۆش وەك هەر فەرمانبەرێکی حکومەت مووچەمان کەم کراوەتەوە، تەنانەت دەرماڵەشمان بڕاوە، بەڵام وەکو گوتم دۆخەکە دۆخێکی گشتییە و لەم دۆخە هەستیارەدا پێویستە هەموومان بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵ بین و ئەو رۆژە سەختانە تێپەڕێنین.»

د. نازەنین عوسمان لە کۆلێژی ڤێترینەری زانکۆی سلێمانی، دەڵێت:» بێشك قەیرانی دارایی کاریگەری هەیە لەسەر خراپی بارودۆخی پەروەردەو خوێندن لە هەموو قۆناغەکان، زانکۆش لە نێوانیاندا. بۆ ئەوەی مامۆستا سەرکەوتو بێت لە وانە وتنەوە، جگە لەوەی کە ئەبێت شارەزا بێت لە بوارەکەی ئەبێ فکرو مێشکی ئاسودە بێت تا بتوانێت بە باشی بەئەرکی هەڵسێت. مامۆستا پلانی بۆ ژیانی بەشێوەیە رێکخستوە بە پێی ئەو موچەیەی کە پێشو وەری دەگرت، ئیستا دوای ئەو نیسبەتە زۆرەی کە نزیك سێ چارەگی موچەکەی کەمتر وەردەگرێت ئەو وەرگرتنەش لەکاتی خۆی مسوگەر نیە و زۆربەی کات لە ٣٥ رۆژ تێپەڕ دەکات، ئەمەش دۆخی دەروونی ئەو مامۆستایە جێگیر نابێ و توشی دلەڕاوکێ و بێ ئارامی دەکات و ڕەنگدانەوەی لەسەر پرۆسەی خوێندن بەدیار دەبێت . نەبوونی موچەی باش بۆ مامۆستا بەتایبەتی مامۆستای زانکۆ، لە قیمەتی خوێندن کەم دەکاتەوە و بەها بۆ بڕوانامە ناهێڵێت. مامۆستایەکی زانکۆ دوای نزیکەی بیست ساڵ خوێندن و هیلاکی و پارەسەرفکردن، ئەو پارەیەی وەری دەگرێت بەقەدەر پارەی فەرمانبەرێك بێت کە خوێندنی سەرەتایی تەواو کردبێ، یان دوکاندارێکی بچوکی نێو بازاڕ، خەڵك سارد دەکاتەوە لە بەردەوام بون لە خوێندن. هەندێ لەو مامۆستایانەی کە لە توانا سازی گەڕاونەتەوە بە ماستەرەوە، موچەکەیان هێندە کەمە بەشی بژێوی ژیانێکی زۆر سادە ناکا



بەتایبەتی ئەو کەسانە گەنجن و منداڵی ساوایان هەیە، موچەکەیان تەنیا بەشی منداڵەکەیان ناکا، جا حسێبی خوتان بکەن. لەگەڵ کەمکردنەوەی موچە، بەداخەوە وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە گرفتی دارایی تری بۆ خوێندکاران و مامۆستایان دروست کردوە، بۆ نمونە: تومارکردنی قوتابی لە بەشی ناوخۆیی (١٠٠٠٠٠) دینارو تۆمارکردنی لەکاتی وەرگرتنی لە زانکۆ لە خوێندنی بەرایی (٥٠٠٠٠) دیناردانراوە. زۆربەی ئەو خوێندکارانە منداڵی موچەخۆرن و کێشەی داراییان هەیە. یان بۆپێدانی نوسراوی پشتگیری بە فەرمانبەران و مامۆستایان بە ٥٠٠٠ دینار کە پێشو بێبەرامبەر دەکرا. ئەو پارەو دەرماڵەیەی لەلایەن وەزارەتی دارایی بۆ زانکۆکان دانراون هێندە کەمکراونەتەوە، کەبەشی پێداویستی خوێندن ناکەن بەتایبەتی بەشە زانستیەکان. زانکۆکان ناتوانن پێداویستیەکانی تاقیگەکان دابین بکەن و ئەو دەرسانەی پراکتیکی تێدا ئەنجامدەدرێت بە نیوە چلی ئەو وانانە دەوترێنەوە . د. نازەنین، دەشڵێ: «ئەوەی زانکۆ لە سێکتەرەکانی تر جیادەکاتەوە توێژینەوەیە، کە بەبەردەوامی دەبێت مامۆستا خەریکی توێژینەوەبێت و بتوانێت بڵاوی بکاتەوە جا چ لە گۆڤاری دەرەوە یان لە ناوخۆ. گۆڤارەکانی ناوخۆ کە گرینگی (ئیمپاکت فاکتەر) یان نییە جگە لە گۆڤاری ئارۆ کە لە زانکۆی کۆیە دەردەچێت وەکی تر گرینگی نیە لەسەر ئاستی توێژینەوەی جیهانی، بەڵام گرنگە بۆ ڕێنکی نێو زانکۆ و مامۆستا و بەرزبونەوەی پلەی زانستی مامۆستا و دڵنیایی جۆری. رسوماتی بڵاو کردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤارەکانی کوردستان بە پارەیەکی کەم بوو بۆ ئەم ساڵ ئەو پارەیە زۆر بەرز کراوەتەوەو بوە بە (٢٥٠٠٠٠) دینار. ئەمە بێشك ڕێگردەبێت بۆ بڵاو کردنەوە لە گۆڤارەکانی نێو زانکۆکانی کوردستان و توێژەر ڕو لە گۆڤاری زانکۆی عیراق دەکا یان گۆڤاری بیانی و سودەکە بۆ ئەوگۆڤارانە دەبێت و کاری سلبی دەبێت بۆ ئاستی زانستی زانکۆکانی ناوخۆ. خۆ ئەگەر باسی بایکۆت بکەین ئەوە کاری نێگەتیفی تەواوی دەبێت لەسەر پرۆسەی خوێندن. ساڵی پار بە فەرمی و نافەرمی لەهەر چوار شارەکەی هەرێم بەکەم یان زۆر بایکۆت کرا و مامۆستا و خوێندکار ساردببونەوە لە خوێندن. ڕاستە ساڵەکە بە ساڵی خوێندن ئەژمار کرا، بەڵام لە ڕاستی بەپێی پێوەری یونیسێف بێت بۆ ئەوەی ساڵ بەساڵی خوێندن ئەژمار بکرێت ئەبێت لە ١٨٠ ڕۆژی پڕ لە خوێندن کرابێت، زۆربەی خوێندنگاکان نەگەیشتبونە ئەم ژمارەیە، ساڵی پێرار کە بایکۆتی تێدا نەبوو نەگەیشتبوینە ئەو ژمارە ڕۆژە چ جای ئەو هەموو ڕۆژە بایکۆتە و نەهاتنی بەکۆمەڵی خوێندکاران لەهەموو زانکۆکان. ئێمە فێڵ لەخۆمان دەکەین و ئەو ژمارانە دەشارینەوە، بەڵام باجەکەی لە دوا ڕۆژ نەوەکانمان دەیدەن .

ڕۆژنامەنووس دیدار نانەکەلی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئەگەر قەیرانەکان بە جۆرێك بارقورسییان بۆ خەلك دروست کردبێت، بۆ کەرتی پەروەردە و خویندنی باڵا بۆتە مەترسییەك کە تەواوی کۆمەڵگە بۆ چەندین ساڵ باجەکەی دەدات. بە بڕیاری وەرگرتنی بڕیك داهات لە قوتابی کەلێن و کۆسپی دیکەیان دروست کرد. دەبێت لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکان، ئومێدی چارەسەری هەنوکەیی بۆ کێشە ئاڵۆزەکانی خوێندن بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی سیناریۆی ساڵانی رابردوو لە بەرزبونەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری و دابڕان لە خوێندن نەبینینەوە.»

# دوای کۆچی خۆشەویستەکەی ژیانی تەنیایی هەڵدەبژێرێ

**کوڕێک دوای چەندین جار چوونە خوازبێنیی خۆشەویستەکەی، بە هۆی بڕیاری باوکی کچەکە لە بەیەک گەیشتن نائومێد دەکرێت، لەدوای کۆچی دوایی خۆشەویستەکەشی ژیانی تەنیایی هەڵدەبژێرێت، لە ئێستاشدا تاکە هۆکاری سەبووریيەکەی گوڕی خۆشەویستەکەیەتی و زۆر جار لە تەنیشت کێلە بەردی خۆشەویستەکەیدا دەبیندرێ و هەندێ جاریش هەر لە گۆڕستان دەنوێت، بەردەوامیش نەفرەت لەو کەسانە دەکات کە ڕێگری لە بە یەک گەیشتنی «خۆشەویستانی بێگەرد» دەکەن.**

کاروان گەنجێکی کوردە کە خۆی بە «خەمگین» دەناسێنێ و حاشا لەو ناوە دەکات کە لە ناسنامەکەیدا تۆمار کراوە. ئەو بە خەمبارییەکی زۆرەوە بەمجۆرە باسی ژیانی رابردووی دەکات: «لە کۆچڕەوەکە دایکم کۆچی دوایی کرد و دوای گەڕانەوەشمان باوکم ژنێکی دیکەی خواست، بەهۆیەشەوە چوومە ماڵی باپیرم و هەر لەوێ مامەوە. بە هەزار دەردەسەری توانیم بچم کۆلێژ و خوێندن تەواو بکەم. ژیانی ناخۆشی و تاڵیم زۆر بەسەربرد، بە کارکردنی ناوبازاڕ و عەلاگە فرۆشتن و پێڵاو بۆیەکردن، گەیشتمە قۆناغی زانکۆ، بەڵام بە چی دەچێت کە ژیانم بەمشێوەی لێهات کە بەهۆی خۆشەویستی کچێکەوە ژانی وام بەسەر هاتووە، هەتا مردن لە یاد ناکرێت.»

کاروان ئاخێکی ساردی هەڵکێشاو و چووە سەر گێڕانەوەی چیرۆکەکەی و گوتی» لەزانکۆ تا قۆناغی دوو، هیچ هەستێکی خۆشەویستیم لەناو دڵ نەبوو، رۆژانەی کۆلێژم بەئاسایی دەبردە سەر، رۆژێك لەناو کافتریایی کۆلێژەکەمان دانیشتبووم، بەدەم چای خواردنەوە، لەناکاو ئاوڕم دایەوە نیگای چاوێکی جوان وەك نیگای باز لەچاوم چەقی و دڵم کەوتە لەرزین، بینیم کچێکی زۆرجوان نیگام دەکات و زەردەخەنەیەکی کرد و هەڵسا و رۆیشت، منیش کارەکەم بەلاوە ئاسایی بوو، بەڵام نیگا سحراوییەکە و زەردەخەنەکەی لەبەر چاوم مانەوە. هەرگیز پێشتر دڵم بۆ کەس نەلەرزیبووە، دواتر پشتگوێم خست گوتم دەی بزانە لەوانەیە من دەناسێ».

کاروان لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکی ناسینی یەکەم خۆشەویست و دواخۆشەویستەکەی بەمجۆرە بەردەوام دەبێت: «یەك دوو جاری دیکە بینیم لەهەمان شوێن، دەهاتەوە بەرامبەرم دانیشت و بەردەوام سەیری دەکردم، جارێکیان سەیرکردنەکەی ئاگری لە دڵم بەردا، لەشوێن خۆم حەپەسام، قاچم زەوی نەدەگرت، دڵەڕاوکێم گرت و بە هەر هۆیەك بوو هەموو هێزو توانایەکم کۆکردەوە و چوومە لای پێم وت: ئەم کاتەت باش، ئەویش وتی: سەرچاوم، منیش روخستەم خواست بۆ ئەوەی لەلای دابنیشم، بە پێکەنینەوە وتی: فەرموو، منیش دانیشتم و دوای ماوەیەك وتم: نازانم بڵێم چی، بەڵام سەیرکردنەکەت زۆر سەرنجی راکێشام، ئەویش بە خەندەیەکەوە وتی: ناوم شیلانە و خەڵکی دەوروبەری شاری هەولێرم، بەڵام لێرە نا، لە کۆلێژێکی دیکە دەخوێنم و بەسەردان دێمە لای هاوڕێکانم لێرە، ویستم لێرە چاوەڕوانیان بکەم، منیش وتم: زۆر بەخێر بێیت، با چایەك بەیەکەوە بخۆینەوە، ئەویش وتی: زۆر باشە. ئیتر ئەو چاخواردنەوەمان بووە یەکەم ژوانی ئاوێتە بوونمان لە خۆشەویستی یەکتر.

کاروان ئێستا تەمەنی ٣١ ساڵە لە نێو ماڵێکدا بە تەنیا ژیان بەسەر دەبات، بەدەم پاککردن و ئاودانی باخچەکەیەوە گوتی: لەو رۆژەوە پێوەندی خۆشەویستی لە نێوان من شیلان دروست بوو، بە جۆرێك بوو کە بۆ یەکتر دەتواینەوە. شیلان کچێکی بەژن درێژی پرچ ڕەش و چاوکاڵ بوو. بارودۆخی ئابووری ئێمە زۆر باش نەبوو، بەڵام ماڵی شیلان زۆر دەوڵەمەندبوون، ئەو کاتیش وەك ئێستا گرانی بوو، بارودۆخی ئابووری لەو پەڕی خراپیدابوو، شیلان دووبرای لە دەرەوە بوون و دووخوشکی لەخۆی بچووکتریشی هەبوو، هەرجارێ یارمەتی لە دەرەوە لەلایەن براکانیەوە بۆ دەهاتەوە، هاوکاری منی دەکرد، ئەو زانیاری لەسەر ماڵی ئێمە هەبوو، کە هەژارین. ئەوکاتەی من کۆلێژم تەواو کرد، بارودۆخی

**لە سەر گۆڕی خۆشەویستەکەم بڕیارم دا کە هەتا ماوم بە تەنیا بژیم و ژن نەهێنم**

**باوکی خۆشەویستەکەم گوتی ئێمە کچ بە بێگانە نادەین و بەو قسەیەی هیوابڕی کردم**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

کوردستان لە رووی ئابوورییەوە زۆر خراپتر بوو، خەڵك بە لێشاو دەچوون بۆ هەندەران، منیش دوای تەواوبوونی کۆلێژ باری ئابووریم زۆرخراپتر بوو، بەڵام شیلان هەمیشە دەیگوت: تەنیا تۆم دەوێ ئەگەر لەژێر رەشماڵێکیش بێت لەگەڵت دەبم، رۆژێك پێمگوت: دەمەوێت بێمە داخوازیت، شیلانیش وتی: باوکم پیاوێکی عەشایرە و ئەگەر بزانێ من وتۆ پێوەندیمان هەیە، ئەوە ژیانمان دەکەوێتە مەترسییەوە. پلانێکمان دانا، کە چۆن بچمە داوای، ئیتر باسەکەم لەماڵەوە کردەوە، ماڵەوەمان راسپارد بە هاوکاری خزمێکیان بچنە داوای، باوکی وتبووی دەبێ بزانم چۆن ئێوە کچەکەم دەناسن، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆلێژەکەمان جیاوازبوو، تا رادەیەك گومانەکەی کەم بوو، بەڵام وتبووی ئێمە کچ نا دەینە بێگانە، سێ جار چووینەوە، باوکی هەر رەتی کردەوە».

کاروان بە چاوی پڕ فرمێسکەوە باسی ئەو رۆژانەی ژیانی دەکات و دەڵێت: «شیلان سوێندی خوارد، لە من زیاتر شوو بە کەسی دیکە نەکات، بەڵام دوای ئەوەی باوکی بۆ چەندین جار رەتی کردەوە، ئیتر بۆ ماوەیەك پێوەندیمان لاوازبوو، منیش دەستم هیچ کاری نەدەگرت. شەوێك خەونێکی زۆر ناخۆشم بینی، لەگەڵی بەخەبەرهاتم و هاوارم کرد، دڵم کەوتە لەرزین و هەستم کرد شتێك بووە، ئەو کات مۆبایل زۆر نەبوو، ئەو شەوە تا بەیانی خەوم لێ نەکەوت، بەیانی هەواڵی ئەوەیان دامێ کە شیلان لەگەڵ باوکی لەکاتی هاتنیان بۆ هەولێر لەرێگا بە رووداوی ئۆتۆمبێل گیانیان لە دەستداوە». فرمێسەکانی کاروان بۆ مەرگی شیلان ئێستاش هەر لە بڕشتدایە و بە گوڕ دەهاتنە خوارێ و بەدەم ڕشتنی فرمێسك و هەڵکشانی ئاخی قووڵەوە گوتی: «کە زانیم شیلان مردووە، هەرشێت بووم، دووجار هەوڵی خۆکوشتنم دا، ماڵەوە رێگەیان نەدا، بۆ ماوەیەك نەخۆش کەوتم، هەموو رۆژێك دەچوومە سەر گۆڕەکەی و تێر دەگریام خۆڵی قەبرەکەیم بە سەر خۆمدا دەکرد، کێلەکەم لە باوەش دەکرد، تێر ماچم دەکرد، بۆنم دەکرد، رووشم لە گۆڕەکەی باوکی دەکرد و دەمگوت: بۆچی؟ بۆ وات کرد؟ دوای ئەو کارەساتە، لە سەرگۆڕەکەی شیلان بڕیارم دا هەتا ماوم ژن نەهێنم، لەو رۆژەوە هەست دەکەم بە تەنیا لەگەڵ ئەو دەژیم، زۆر شەوان خەونی پێوە دەبینم کە بە جلی سپییەوە خەریکە گوڵەکانی باخچەکەم ئاو دەدات».

کاروان لە دواقسەیدا کە پەیتا پەیتا فرمێسکەکانی دەسڕییەوە، وتی: هیوادارم باوکانی خاوەن کچ هەرگیز گەمەی وا کوشندە بە چارەنووسی کچی خۆیان نەکەن.»

**هیوادارم باوکانی خاوەن کچ هەرگیز گەمەی وا کوشندە بە چارەنووسی کچی خۆیان نەکەن**

